بسم الله الرحمن الرحیم

پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢٤ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | فێرخوازان و فەرامۆشکردنیان بۆ ڕۆڵیان لە بانگەشەی ئیسلامیدا | سەرنوسەر |
| ٣ | با چاکسازی دەست پێ بکەین | هێژا نەورۆز |
| ٥ | بەربەستەکان لەبەردەم گەیشتن بە نوری حەق | مەبەست کامل |
| ٧ | دینی خودای پاراست خوداش پاراستی | پشتیوان محمد |
| ٩ | درۆکردن سیفەتی کێ یە؟ | محمد خضر |
| ١١ | ئاگادار بە دنیا نەتبات | کاروان باقی |
| ١٢ | زمان و ڕۆڵی لە ژیانی تاك و کۆمەڵ دا | سۆران عوسمان |
| ١٣ | چەند دێرێك بۆ خوشکان | ڕێناس محمد |
| ١٥ | زۆر جار پرسیار دەکرێ | سەربەست عومەر |
| ١٧ | کێ دایکم دەکرێ ؟ | علی خان |
| ١٨ | ڕێگە شێوازەکانی گوفتاری پێغەمبەری خوا | حیدر عدنان |
| ٢٠ | خۆشەویستترین کردارەکان | بلال جلال |
| ٢١ | بۆچی فووکردن لە خواردن و خواردنەوە حەرامە؟ | محمد رسول |
| ٢٢ | ئایا دەزانی ڕەنج بەخەسار کێ یە ؟ | ئادەم عوسمان |
| ٢٣ | بە چاکە وەڵامی خراپە بدەرەوە | إدریس محمود |
| ٢٤ | گرنگترین و لە پێشترین زانست | جلیل إبراهیم |


**تێبینی** : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆپەیوەندی: b_zanst@yahoo.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

عدنان بارام . دەرچووی عربی . صلاح الدین .

دەستەی نووسەران :

جیهاد قادر/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە

بلال جلال / دراساتی ئیسلامی

هێمن عبدالکریم / کۆمپیوتەری هەولێر .

صلاح فائق / دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی

هەڵەچن : هیوا محمد ( هیوا زیرەك ).

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

**بنکەی سەرەکی دابەشکردنی بڵاوکراوەی زانست لە شاری کەلار**

کتێبخانە و تۆمارگای بەهەشت – شەقامی گشتی - نزیك فلکەی ناو بازاڕ - تەنیشت چێشتخانەی شێروانە ٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

# فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگاکان و فەرامۆشکردنیان بۆ ڕۆڵیان لە بانگەشەی ئیسلامیدا

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله محمد ﷺ ، وعلى آله وصحبه أجمعين .

أما بعد:

جێی داخ و ئەسەفە کە هەندێك لە فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگاکان . ئەگەر زۆرینەش نەبن !! ـ وابیردەکەنەوە کە سەردەمانی زانکۆ سەردەمانێکە پێویستە فێرخواز تێیدا دابڕێت و هەموو هەوڵەکانی چڕبکاتەوە لەوەی کە زیاترین زانست و ماریفەت فێربێت بۆ ئەوەی لەپاشەڕۆژدا بتوانێت ئەرکەکانی فێرکردن وەکو مامۆستایەك بەڕێوە بەرێت . ئەمە دوور لەوانەی کە هەموو خەمێکیان شتگەلێکی ڕووکەش و بێ ناوەڕۆکە !!! . کەچی ڕۆڵی خۆی لە بیرچووەتەوە لە بانگەشە بۆ ئایینەکەی . ئەمە لەکات و سات و سەردەمانێکدا کە دوژمنانی ئایینەکەی لەهەموو لایەکەوە دەمیان تێکردووە و لە هەوڵی شاردنەوەی ڕووناکی خۆری پرشنگداری ئایینەکەین . ئەو کارەشی بەبیانووی ئەوەی کە ئەم وەکو فێرخوازێك دەبێت : خۆی یەکلاکردبێتەوە بۆ تێگەیشتن لەوانەکانی ، و دەورەدان و فێربوونی هەموو لایەنەکانی بابەتە دیاریکراوەکانی زانکۆ یان پەیمانگاکەی !!!

وە سەبارەت بە بانگەشە و گەیاندنی ئایینەکەی دەبێت دوابخرێت بۆ پاش دەرچوون و بەدەست هێنانی بڕوانامەکەی لەو بوارەی کە تێدا دەخوێنێت !!! ئەوسا کاتی زیاتری دەبێت بۆ ئەو کارە !!!

بەڵام لەڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی هەڵەیە ، چونکە هەموو ئەو جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕییەی کە لەگەرمە و تافی لاویدایە دەمرێنێت و هەموو هەوڵ و کۆششەکان بۆ بەڕێوە بردنی ژیان و کۆمەڵگا لە ناخیدا خاموش دەکات ، چونکە ئەو سەردەمەی ژیانی فێرخواز سەردەمی لاوێتیە کە سەردەمی هەموو بەخشش و خێر وچاکە و داهێنان و گۆڕانکاریەکە کە لە توانای فێرخوازاندا هەن ، و لەم سەردەمەدا کۆمەڵگا خوازیاری ئەوەیە لە فێرخوازان ڕۆڵی ڕاست و دروستی خۆیان بنوێنن لە بووندا ، و دوورکەوێتەوە لە داپۆشنی بیروهۆشی خۆی بەهەندێك بڕوبیانووی بێ بنەوا !!! ئەم وتانەشم هیچ کاتێك ئەوە ناگەیەنێت کە بێ نرخی بێت بۆ زانست ، یان پشتگوێخستن و پەراوێزخستنی زانست بێت !!! نەخێر ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە هەموو بوار و بەشێك لە ژیانی تاکی موسڵمان حەقی خۆی بدرێتێ و لەسەر حەقی ئەویتریان برەو بەئەم نەدرێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

﴿ وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا ... ﴾ ( القصص : ٧٧ ) .

چونکە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێت بانگەشەکاری بێت بۆ ئایینەکەی لە هەموو سەردەمانێکی ژیانی ، وە لەهیچ سەردەمێك لە سەردەمەکانی ژیانیدا ئەو کارە وەلا نەنێت ، و فەرامۆش یان کەمتەرخەمی تێدا نەکات ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

﴿ قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ ( يوسف : ١٠٨ ) .

دەسا . فێرخوازی ژیر وخاوەن هزر . هەستە و قۆڵی جوامێری لێهەڵبماڵە لەگەڵ برەودانت بەلایەنی زانستیت ، و بایەخدان بەوانەکانت ، ئەوەی پێتە و پێت دەکرێت . ئەگەر ئایەتێکیش بێت . لە بانگەشەکردن بۆ ئایینەکەت بەکۆمەڵگاکەتی بگەیەنە ، چونکە پێشەوامان ﷺ فەرموویەتی :

(( بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً ... )) ( رواه البخاري ) .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

## با چاکسازی دەست پێ بکەین!!

هەر کاتێك خراپەکاری تاك وخێزانی کۆمەڵگای گرتەوە، ئەوکات ئەو کۆمەڵگایە بەرەو تیاچوون و گومڕابوون هەنگاو دەنێت!! بۆیە هەستان بە ئەنجامدانی چاکسازی کارێکی پێویست دەبێت لە سەر هەمووان.

ئەمڕۆش لە زۆر لایەنەوە گەندەڵی ڕووی لە موسوڵمانان کردووە، چ لە ڕووی عەقیدەو خوا پەرستیان، یا لە ڕەوشت و ئاکاریان لە مامەڵەو کڕین و فرۆشتن، ولە زۆر لای تریشەوە فەسادی ڕووی تێکردووین!!

ئەمڕۆ بیروباوەڕو عەقیدەی موسوڵمانان فەسادی تێ کەوتووە لەو ڕوانگەوەی کە خەڵکانێك بە تەنها خوا ناپەرستن و بە تەنهاش هانای بۆ نابەن! هەروەها ڕەوشت و ڕەفتاری موسوڵمانان فەسادی تێ کەوتووەو ئێستا هەندێکیان خۆیان بە بێ باوەڕو موشریکەکان دەچوێنن لە وتەو ڕەفتاریان، یا لە جلوبەرگو مامەڵەیان!

لەوەش زیاتر فەسادیبێ بەڵێنی ووادەیی، بێ ئەمەکی، ناپاکی کردن،فێڵ کردن، درۆکردن، داوێن پیسی..هتد، ئێستا لە نێو موسوڵماناندا دیاردەیەکی باوە، بە هەمان شێوە لە کڕین و فرۆشتن فەسادی ڕووی کردۆتە بازاڕەکانمان و بە ئاشکرا مامەڵە بە ڕیباوە دەکرێت، وە لە زۆر بواری تریش، بەڵام ئەم فەسادە پێویستی بە چاکسازی هەیە، هەر کەسێکیش کە فەسادی و خراپەکاری ڕووی تێکرد لە هەر بوارێکی ژیانی دابێت، ئەوا ئەو فەسادیە وا دەخوازێت کە چارەسەر بکرێت؛ چونکە کەسی نەخۆش کە بێتوو بە پەلە چارەسەری نەخۆشیەکەی نەکات، ڕەنگە نەخۆشیەکەی بۆ چەند نەخۆشیەکی تر تەشەنە بکات!!

ئەمڕۆش ئوممەتی ئیسلامی نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرو چاکسازی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەم حاڵەتانە وا دەخوازێت کە فەرمانی چاکە بە خەڵکی بکرێت و قەدەغەی خەراپەشیان لێ بکرێت.

خۆ هەر گەلێك چاکخوازو چاکەکار بێت خوای گەورە بە هیلاکی نابات، ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴾ [1]،خوای گەورە هیچ وڵات وشارو لادێ وگەلێك بە هیلاك نابات . لەناویان نابات . ئەگەر زوڵمیش لە ناویاندا تاك تاکەی خەڵکی بیکەن، لەکاتێکدا خەڵکەکەی موصلیح و چاکسازی کاربن، کەواتە: ئەگەر هاتوو موصلیح و چاکخواز نەبن خوای گەورە لەناویان دەبات.بۆیە دایکمان عائیشە(ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت)کاتێك کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ)فەرمووی: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ قَالَ « نَعَمْ إِذَا كَثُرَ الْخَبَثُ »[2]، واتە:ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ئێمە بە هیلاك دەچین لە کاتێکدا پیاوی چاکیشمان تێدا هەیە؟! پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی:بەڵێ :ئەگەر پیسی و خەراپەکاری زۆربوو. کەواتە: پیاوی باش و چاکخواز هەوێنە بۆکۆمەڵگە ، بەهۆی ئەوانەوە گەل دەمێنێت، کە ئەوان نەمان و چاکەکاران نەمان، ئەوە ئەو میللەتە تێکدەچێت لە بیروباوەڕو ئاکارو ڕەفتارو کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردن وتێکڕای لایەنەکانی تری ژیان!

[1] هود:١١٧.

[2] سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٦١/٣.

<u>برای ئازیزو خوشکی بەڕێز:</u>موحاسەبەی نەفست بکە پێش ئەوەی لە سەری موحاسەبە بکرێیت، کە تا دوێنێ فەسادی ڕووی تێکردبووی،هەوڵ بدە ئەمڕۆ چاکسازی لە خۆتدا بکەی، وکە دوێنێ نوێژەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدەدا ئەوە بزانە هۆی خراپی تۆ بووە بۆیە ئەمڕۆ وامەبە، وکە تا دوێنێ کاتەکانت لە شتی بێ سودو فەیسبوکدا بەسەر بردووە بە فەسادی بزانەو نەیەیت ئەمڕۆش وابیت، هەر چۆنێك بێت کاتەکانی خۆت بە دەرفەت بزانە بۆ ئەوەی چاکسازی لە خۆت ودۆخەکەدا بکەیت؛ چونکە دڵنیابە لەوە کە خۆت لە خۆتدا چاکسازی نەکەیت خوای گەورەش چاکت ناکات و ناتگۆڕێت وەکو دەفەرمووێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴾[٣] .

کە تا دوێنێ سەرپێچی خوات دەکرد ئەمڕۆ گوێڕایەڵی خوا بکە، ئەمڕۆ دەست پاك بە، ڕاستگۆبە، وەفاداربە، خاوەن کردارو گوفتاری جوان بە، با خەڵکی پەنجەیان بۆ ئاکارە جوانەکانت درێژ بکەن، نەك بە پێچەوانەوە!بەڵکو سەر مەشق بە لە فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خەراپە؛ چونکە بەڕاستی ئەمڕۆ مەخابن ئەم سیفەتە جوانانە لە ناو خەڵکیدا کەم دەبیندرێن!! با تۆ یەکێك بیت لەو کەسانەی کە ئەم سیفەتانەی تێدا ڕازاوەتەوە. بەهەمان شێوە ڕەوشتی خەراپ دەبێتە هۆی بە هیلاك دانی گەل،بۆیە پێویستە چارەسەری بکرێت ئەوەتا هۆنیاریش دەفەرمووێت: (إنما الأمَمُ الأَخْلاقُ ما بَقِيَتْ...فإنْ هُمُوا ذَهَبَتْ أَخْلاقُهُمْ ذَهَبُوا)ئوممەت مانەوەی بە ڕەوشتەوە بەندە کە ئاکارو ڕەوشت نەما گەلیش نامێنێت!!

---

[٣] الرعد:١١.

کەواتە:. کە لە فەساد دابووی هەست نەکەیت چاکەخوازیت؛ چونکە ئەمە سیفاتی دووڕوەکانە! کاتێك پێیان دەوترا:فەسادی لە زەویدا مەنێنەوە، دەیانووت:﴿ إِنَّمَا نَحۡنُ مُصۡلِحُونَ ﴾[٤] ، ئەوە تەنها ئێمەین کە چاکە کارین و کەسی تر چاکە کار نییە!! بەڵام قسە ئاسانەو هەموو کەس توانای هەیە بیڵێ وبڵێ: من چاکە کارم،ئەوەندە هەیە لەکردەوەکانیدا دەردەکەوێت کە ئایا فلانەکەس چاکەکارە یان موفسیدە؟!

ئەمانە هەمووی فەسادن کە پێویستیان بە چاکسازی ڕیشەیی هەیە، بۆیە دەبا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین تا عائیلەو خانەوادەو دۆست و هاوڕێیانمان؛چونکە ئەم جۆرە کەسانە لای پەروەردگار پلەیان بەرزە کە چاکسازی دەکەن، وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:( بَدَأَ الْإِسْلَامُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ غَرِيبًا فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ)[٥] ، ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێکرد(لە تاکە کەسێکەوە هات و زیادی کرد) وە بە غەریبیش دەگەڕێتەوە، بەڵام خۆشبەختی بۆ غەریبەکان، ئەوانەی کە:(يُصْلِحُونَ إِذَا فَسَدَ النَّاسُ)[٦] ، لە کاتی فەسادی خەڵکیدا چاکە دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە.

کەوایە لە کۆتایدا:. خوای پەروەردگار ئیصلاحمان بکات بۆ ئەوەی کە پێی خۆشەو لێی ڕازییە.

هێژا نەورۆز ڕەسوڵ

پ.زانستە ئیسلامیەکان، سلێمانی.

---

[٤] البقرة: ١١.

[٥] رواه مسلم.

[٦] رواه أحمد: ٢٣٧/٢٧.

# بەربەستەکان
# لەبەردەم گەیشتن بە نوری حەق

بسم الله الرَّحمن الرَّحيم

الحمدلله و الصَّلاة و السَّلام على رسول الله : و بعد

شيخ الإسلام ابن تيمية – ڕەحمەتی خوای لێبێت – دەفەرموێت : (القلب خلق يحب الحق و يريده و يطلبه) مجموع الفتاوى : (١٠/٨٨) ، واتە : دڵ بە شێوەیەک دروستکراوە کە حەقی خۆشدەوێت و ویست و داخوازی لێیەتی .

بەڕاستی ئەگەر دڵەکان سروشتیان تێکنەدرا بێت ئەوا بێگومان جگە لە حەق هیچ شتێکی تر قبوڵ ناکەن ، وە بێگومان حەق و ڕێگای حەق زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر بەربەستی تاریکاییەکان بەرچاوی خەڵکی نەگرتبێت و ڕۆشنایی حەقیان لێنەکرابێت بە تاریکی ، بۆیە پێویستە لەسەرمان بەربەستەکانی سەر ڕێگای ناسینی حەق بناسین تا ئەوەی بەئاگابین لێیان و نەهێڵین ببنە کۆسپ لەبەردەم گەیشتنمان بە نوری حەق و ناسینی ئەو نورە.

کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای ناسینی حەق :

١/ الْجَهْل : واتە نەزانی و نەشارەزایی .

بێگومان حەقیقەتەکان ڕوون و ئاشکران ، بەڵام نەزانی و بێئاگایی مرۆڤەکان لە دەقەکانی قورئان و سوننەت و وتەی هاوەڵان و تێگەیشتنیان بۆ دەقەکان ، گەورەترین کۆسپ و لەمپەرە بۆ ناڕوونی حەقیقەتەکان لای ئەوانەی کە ڤایرۆسی جەهل گیان و فکریانی تەنیوە .

٢/ إعتِقَادُ غُمُوضِ الحقِ و اشْتِبَاهُه : واتە بیروباوەڕبوون بەوەی کە حەقیقەتەکان ناڕوون و گوماناوین ! .

زۆرێک لەوانەی کە مەعریفەتی ناسینی حەقیان لا نیە وە مەعریفەتیان نیە بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە ڕاستەکان و تێگەیشتنی صەحابە بۆیان ، لایان وایە کە حەق ناڕوون و لێڵە ، وە گەیشتن پێی شتێکی قورسە ، وە هەندێک ئەمەندە ڕۆچوون لەم بیروباوەڕە پوچەدا لایان وایە کە جگە لە ڕێگای تەقلید ڕێگایەکی تر نیە بۆ گەیشتن بە حەق ! ، بێگومان ئەمەش بۆ خۆی بەربەستێکی ترسناکی ترە لەبەردەم گەیشتن بە حەق .

ئەگەر لە ڕۆژگارێکدا ئەم سەرابە کرابێتە بەربەستی گەیشتن بە حەق ، ئەوا بێگومان لەم ڕۆژگارەدا بە هۆی ئاسانکاری و زۆربوونی هۆکارەکانەوە ، بێگومان دەستکەوتنی حەقیش زۆر ئاسانترە بۆ کەسانێک کە عەودالی گەیشتن بن بە حەق .

٣/ إعتقادُ الْمُبطل أنَّه الْمُحِقُ : واتە بیروباوەڕبوونی ئەو کەسەی کەلەسەر باتڵە بەوەی کە لەسەر حەقە ! .

لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای ناسینی حەق ئەوەیە کە شوێنکەوتوانی باتڵ ، باتڵی خۆیانیان لێ بۆتە حەق و شوێنکەوتوانی حەقیان لێ بۆتە شوێنکەوتەی باتڵ .

بێگومان ئەمە یەکێکە لەو کۆسپانەی کە ڕزگاکردنی خەڵکی لێی زۆر ناڕەحەتە و یەکەمین هۆکاری لادان و دروست بوونی ناکۆکی بوو لە نێوان ئوممەتی ئیسلامدا و بەربەستی گەورەی خەواریجەکان دوێنێ و ئەمڕۆش بووە لە بەردەمیاندا بۆ بینینی نوری حەق .

٤/ التفريط في تحرِّي الحقِّ : واتە ئیهمالی و نەبوونی ویست و گەڕان بە شوێن حەقدا .

بێگومان نەبوونی ویست و سووربوون لەسەر گەیشتن بە حەق بۆ خۆی بەربەستێکی گەورەی ترە لەبەردەم بینینی نوری حەقدا .

کارەساتی گەورە ئەوەیە کە مرۆڤ تووشی عوجب و لە خۆ ڕازی بوون ببێت بە خۆی و بەو کەمە زانستەی کە پێیەتی.

هۆکاری مل نەدانی جولەکە و گاور بۆ حەقیقەتی ئیسلام ئەوە بوو کە خۆیان وادەبینی کە لەسەر حەق بن و نەدەگەڕان بە شوێن حەقیقەتدا ، بۆیە لەسەر بەتاڵی خۆیان مانەوە ، بەهەمان شێوە ئەهلی باتڵیش لەبەر تەمەڵی و نەبوونی ویستی گەیشتن بە حەق لەسەر بەتاڵی خۆیان شانیان دایاوە و چێژ لە بەتاڵی خۆیان وەردەگرن و ئامادەنین وەك شوێنکەوتوانی نوری حەق هەمیشە بە شوێن حەق و بەڵگە ڕاستەکانەوە بن بۆ دینداریێتی کردنیان ، بۆیە ئەمەش بۆتە بەربەستێکی تر لەبەردەم گەیشتن بە حەق لای ئەو کەسانەی کە ئیهمالی و پشتگوێ خستن و تەمەڵی بۆتە مەنهەجی ژیانیان .

٥/ الْخَوْف : واتە ترس .

بێگومان ترسیش بۆ خۆی یەکێکی ترە لە کۆسپەکان لای ئەو کەسانەی کە نەفسیەت و خودێکی لاوازیان هەیە و ترسی لەدەستدانی دونیا و مادده بۆتە بەربەستی هەڵنەبژاردنی حەق بەسەر بەتاڵدا لایان .

زۆرن ئەوانەی کە بەچاوی خۆیان نوری حەق دەبینن بەڵام لە ترسی لۆمەی خەڵك و چاوی خەڵکی ئامادە نین شوێن حەق بکەون و لەسەر بەتاڵی خۆیان دەمێننەوە .

٦/ خۆشویستنی پلە و پایە و کورسی دەسەلاَت .

٧/ تەقلید و شوێنکەوتنی کوێرانە .

٨/ کیبر و لەخۆڕازیبوون .

٩/ حەسادەت و ئیرەیی بردن بە شوێنکەوتوانی حەق .

١٠/ حیزبایەتی ، و پارچە پارچەکردنی خەڵکی جا لە ژێر پەردەی دین و ئیسلامدا بێت یان لە ژێر هەر پەردەیەکی تردا بێت .

١١/ تاوان و شوێنکەوتنی حەز و ئارەزووەکان .

١٢/ بێ ئاگابوون لە دوعاکردن و داواکردنی گەیشتن بەحەق لە خوای گەورە .

١٣/ وازهێنان لە ڕێنموونیکردن و ڕێنیشاندانی خەڵکی بۆ حەق و بێدەنگ بوون و ئیهمالیکردن لە گەیاندنیدا.

١٤/ لاوازی عەقڵی تێگەیشتن و درك پێکردن بۆ حەقیقەتەکان .

١٥/ گەورەبوون و پێگەیشتن لەسەر باتڵ و خووپێوەگرتن و ئولفەت بوون پێوەی .

١٦/ بەرپەچدانەوەی هەندێك لەحەق و وازهێنان لە هەندێکی شەرع بۆ شوێنکەوتنی بەتاڵ و ئەوەی کە دەگونجێت لەگەڵ حەز و ئارەزوودا .

١٧/ حال المتكلِّم بالحق : واتە حاڵ و صیفاتی ئەو کەسەی کە قسەی حەقی لێوە دەردەچێت .

بێگومان ئەمەش لە بەربەستە گەورەکانی سەر ڕێگای ناسینی حەق بووە بۆ زۆرێك لە خەڵکی ، هەندێك جار ئەو کەسەی کە حەقی لێوە دەرچووە کەسێکی فاسق بووە ، یان کەسێك بووە کە بە ڕەوشتە ناشرینەکانی خۆی و ئەوەیشی پێی بووە لەحەق ناشرین کردووە ، بۆیە ئەگەر حەقیشی لێوە دەرچووبێت خەڵکی شوێن ئەو حەقە نەکەوتوون و حاڵی خراپی قسەبێژی حەق بۆتە بەربەست لەبەردەم شوێن کەوتنی حەق لەلایەن خەڵکیەوە .

١٨/ تێکەڵبوونی هەندێك لە نوری حەق لەگەڵ باتڵدا و پیشاندانی هەمووی بەحەق .

ڕەنگە باتڵی خاڵی لەحەق ڕوون بێت لای زۆرێك لە خەڵكی و بیناسنەوە ، بەڵام ئەوەی كە شاراوەیە لای زۆرینەی خەڵكی بریتیە لەو باتڵانەی كە شتێك لە حەقیان تێكراوە یاخود بەرگی ڕازاوەی حەقیان كردووە بەبەردا و خەڵكی وەك حەق دەیبینن .

١٩/ تێكەڵیكردنی ئەهلی باتڵ و هاوڕێیەتیكردن و هاتوچۆكردنیان .

٢٠/ سەیرنەكردن و نەشارەزایی بەرامبەر بە قسە و بۆچوونەكانی موخالیف و ئەوانەی هاوبۆچوونت نین .

٢١/ زۆر و بۆری ئەهلی باتڵ .

٢٢/ خۆدانە پاڵی ئەهلی باتڵ بۆ لای كەسانێك كە خاوەنی ڕێز و پلە و پایەن .

جگە لەمانەش چەندان كۆسپ و بەربەستی تریش .

اللهم أرنا الحق حقاً وارزقنا اتباعه ، و أرنا الباطل باطلاً و ارزقنا اجتنابه .

سبحانك الله و بحمدك اشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك و أتوب إليك

سەرچاوە : الصوارف عن الحق . تأليف : حمد بن إبراهيم العثمان .

**ئامادەكردنی : مەبەست كامل**

**زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی زانستە ئیسلامیەكان**

۞ لە مانا جوانەكانی ( بلغوا عني ولو آية ) ، كە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەری ئیسلام ﷺ فەرموویەتی ، ئەوەیە كە :

**بلغوا.... تكليف ، واتە : بگەیەنن..... ئەركی ئێمە**

**عني.... تشريف ، واتە : لە منەوە.... شەرەف مەندی**

**ولو آية.... تخفيف ، واتە : ئەگەر ئایەتێكیش بێت....**

**ئاسان كاری لە بانگەوازكردن دا ۞**

ما شاء الله لەو ئاینە جوانەی ناوی ئیسلامە..!

# دینی خودای پاراست خوداش پاراستی

## عاصمی كوڕی ثابت

بەڕاستی خوا بەرگری لە بڕواداران دەكات هەركات بەندە دڵی خۆی بەستەوە بەخوای گەورە ، كەواتە ئەوەی كە سەرپەرشتی پاراستن وبەرگری لێكردنی دەكات تەنها خوای گەورەیە .

فەرموون با ئەمجارەشیان بۆ ساتێكی كەمیش بێت بچینە خزمەت یەكێكی تر لەهاوەڵان كە ژیانی خۆی بۆ ئایینی خوا تەرخان كردووە كە ئەویش ( عاصمی كوڕی ثابتە ) .

شاری مەككە لێواو لێوبوو لەقین وتوڕەی بت پەرستان دژی موسوڵمانان لەسەر ئەوەی كە بەسەریاندا هاتبوو لەجەنگی بەدردا ،لەوهەموو نەهامەتی وتێكشكان وكوشتنەی بە تایبەتی سەركردە گەورەكانیان ، بۆیە هەمیشە لە خۆئامادەكردن بوون بۆ تۆڵە سەندنەوە بەشێوەیەك كە گریانیان قەدەغەكرد لەسەر كوژراوەكانیان تاوەكو تۆڵەسەندنەوە . ئەوەبوو قوڕەیشیەكان ڕێك كەوتن هەموویان بۆبەرپاكردنی جەنگێكی گەورە دژ بەموسڵمانان .

دەستیان دایە خۆ ئامادەكردن بۆ جەنگی (ئوحود) هەتا ژنانی قوڕەیش بەبەشی خۆیان هەستان بۆبەشداری كردن لەو جەنگەدا . دەفیان لێ دەدا و پیاوەكانیان هەڵدەنان وپاڵیان پێوە دەنان بۆشەڕ كردن وحەماسەی پاڵەوانەكانیان دەبزواند ، دەم وزمانەكان بێ دەنگ بوون تەنها شمشێرەكان قسەیان دەكرد شەڕ بەتەواوی گەرم بوو كاری خۆی كرد (سولافەی كچی سەعد) كە بت پەرست بوو لەگەڵ ژنە قوڕەیشیەكان بوو ، هەڵسا بە گەڕان بەدوای مێردەكەی وسێ كوڕەكەیدا (موسافع وكلاب وجەلاس ) زۆری نەخایاند هەمووی دۆزینەوە بەكوژراوی لەسەر كێوی ئوحود تەنها

(جولاس) هێشتا گیانی لەبەر مابوو خوێنی لێ دەهات سولافە خۆی دا بەسەر کوڕەکەیدا و لەکۆشی خۆی دانا و خوێنەکەی لەدەم وچاو سڕیەوە بەکوڕەکەی وت : کێ تۆی کوشت ؟ ئەویش بەزۆر وەڵامی دایەوە : عاصمی کوڕی ثابت بوو وەهەرئەویش بوو براکەمی کوشت .

ئەوەبوو ئەم ژنە ڕۆژانە دەیلوراند دەهات ودەچوو سوێندی خوارد بەلات وعوزا کە دەبێت قوڕەیش تۆڵە لە (عاصم) وەرگرنەوە وبیکوژن ولاشەکەی بۆ بێنن و لەکەلە سەرەکەیدا شەراب بخواتەوە .

ئەبو جەعفەری تەبەری دەفەرموێت : ئەو ژنە وتی هەرکەسێك سەری عاصمی بۆبهێنێ (١٠٠) حوشتری دەداتێ هەواڵی ئەم خەڵاتە بڵاوبوویەوە لەناو قوڕەیشیەکاندا هەریەکێك لەگەنجانی قوڕەیش ئاواتە خواز بوو زەفەر بەم هاوەڵە بێنێ.

ئەوەبوو ڕۆژێ ڕەجیع هاتە پێشەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ( ١٠) کەسی نارد و (عاصمی کوری ثابتی) کردە سەرکردەیان هەتا ئەوەبوو گەشتنە ناوچەی (هدە) لەنێوان وعەسەفان ومەککەدا ئەوەبوو گەشتنە ناوچەی حوییەی کوڕی لحیان لە بەنو (هذیل )، چوون سەد پیاوی تیرەندازیان بۆ ئامادەکردن و کەمینیان بۆ دانان کەوتنە شوێنیان هەتا لەجێگایەك دەنکە خورمایەکیان دۆزیەوە وتیان : خورمای مەدینەیە بڕۆن بەشوێنەکەیاندا . ئەوەبوو ئەم کۆمەڵە هاوەڵەیان دۆزیەوەو دەوریان گرتن وپێیان وتن : خۆتان بدەن بەدەستەوە پەیمان وبەڵێنتان دەدەینێ کەکەستان ناکوژین .عاصمی کوڕی پابت فەرمووی :من باوەڕم بەبەڵێن وپەیمانی بێ باوەڕان نیە دوای فەرمووی : ئەی خودایە هەواڵی ئێمە بگەیەنە بەپێغەمبەری خوا ﷺ دەستیان کرد بە تیر باران کردنی ئەم هاوەڵە ئەمیش شمشێرەکەی دەرهێناو فەرمووی : خوایە من بۆ ئاینەکەت شەڕ دەکەم و پارێزگاری لە دینەکەت دەکەم خوایە تۆش گۆشت وئێسقانەکەم بپارێزە وەهیچ دوژمنێك نەتوانێ زەفەرم پێ بهێنێ ، خوایە من بەر لەنیوەڕۆ ئاینەکەی تۆم پاراست خوایە گیان تۆش دوای نیوەڕۆ لاشەم بپارێزە . دواجار ئەم هاوەڵەیان شەهید کرد ئەوەبوو پەلاماری لاشەیان دا و ویستیان سەرەکەی لێ بکەنەوە تاوەکو بە دیاری بیبەن بۆ ( سولافە ) بەلاَم زەردەواڵەیەکی زۆر بەسەر لاشەکەیەوە بوو کەنەیانتوانی سەرەکەی لێ بکەنەوە دوایی وتیان : لێگەڕێن بۆ ئێوارە تاوەکو زەردەواڵەکان دەڕۆن و دوایی هەڵی دەگرین .خوای گەورە لافاوێکی نارد و لاشەکەی هەڵدەگرێ بۆ جێگایەك کە نایدۆزنەوە

خوێنەری خۆشەویست : کەوابوو دڵنیابە کە ئەگەر ئاینی خوا بپارێزی خودا دەتپارێزێت هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :(احفظ الله يحفظك )

**پشتیوان محمد / دەرچووی عەرەبی**

**زانای موفەسسیری قورئان الشيخ عبدالرحمن ناصر السعدی ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرمویەتی :**

* هەرکەسێ وازبهێنێت لە بەندایەتی بۆ پەروەردگاری، ئەوە ئەکەوێتە داوی بەندایەتی کردن بۆ غەیری خوا !.

* وە هەر کەسێ واز بهێنێت لە خۆش ویستنی خوا و تەنها لەو ترسان و ڕەجاکردن لێی ، ئەوە توشی ترسان و ڕەجا لێ کردن و خۆش ویستنی غەیری خوا دەبێت !.

* وە هەر کەسێ ماڵەکەی لە ڕێگای خوادا نەبەخشێت ، ئەوە بەناچاری لە ڕێگای شەیتان سەرف دەکات !.

* وە هەر کەسێ زەلیلی بۆ پەروەردگاری نەنوێنێت ، ئەوە ناچار زەلیلی بەندە گەلێك دەبێت !. * وە هەر کەسێ واز لە حەق بهێنێت ،ئەوە توشی ناحەق دەبێت !.

# درۆکردن سیفەتی کێ یە؟!

درۆکردن یەکێکە لە دیاردە هەرە قێزەونەکان! کە بەداخەوە لە ناوکۆمەڵگاکەمان زۆر بڵاوەو بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو لە ناو هەموو چین‌و توێژەکاندا، کە هەیە بە ناوی سیاسەتەوەو هەیە بە ناوی قسەی خۆش تا خەڵك پێبکەنن، وە هەیە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی‌و قازانج کردن، زۆر بەداخەوە سوێندیشی لەسەر دەخورێت بۆ دەست خستنی شتێکی سادەو کەم، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای ئەسەفە ئەوەیە کە هەر ئەم کۆمەڵگایە پەنجەی تۆمەت لەم کارە خراپە بۆ ئیسلام درێژ دەکات‌و دەڵێن: موسوڵمان درۆ دەکات! بەڵام خەڵکی ئەوروپی یان گاورەکان درۆ ناکەن! لە کاتێکدا هیچ بەرنامەو یاسایەك نیە لەسەر ڕووی ئەم زەویە هێندەی بەرنامەی ئیسلام دژایەتی درۆی کردبێ‌و هەڕەشەی توندی کردووە لەو کەسانەی درۆ دەکەن. وە گەورەترین درۆش ئەوەیە کە ڕۆژی دوایی بە درۆ بزانی‌و بڵێی: ئەم ڕۆژە هەرگیز نایەت، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾ المطففين: ١٠، واتە: (وەیل) کە دۆڵێکە لە جەهەننەم بۆ ئەو کەسەی کە ڕۆژی دوایی بە درۆ دەزانێت!

سێ کۆمەڵ هەن خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایدا قسەیان لەگەڵ ناکات‌و سەیریان ناکات‌و پاکیشیان ناکاتەوەو سزایەکی بە ئازاریشیان بۆ هەیە، ئەبو ذر فەرمووی: زەرەرمەندن ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی: ئەوەی شەڕواڵی درێژەو ئەوەش کە منەت دەکات بەسەر خەڵکەوە، وە ئەو کەسەش کە بۆ فرۆشتنی کەلو پەلەکەی سوێند بە درۆ دەخوات!

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە عبدالله کوڕی مسعود (رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوە، هانمان دەدات بۆ ڕاستگۆیی‌و مژدەی بەهەشت دەدات بەو کەسانەی کە ڕاستگۆن، وە هەڕەشەمان لێ دەکات لە درۆکردن بە (دۆرزەخ) کە تێیدا دەفەرموێت: ( عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ، وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ، حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ، وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ، حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ .

وە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکی تردا درۆزنی بە یەکێك لە نیشانەکانی دووڕوو(منافیق)هێناوەو فەرموویەتی: (آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاثٌ : إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ .

**خراپترین درۆش ئەمانەی خوارەوەن:ـ**

**١.درۆکردن بە ناوی خوای گەورەو پێغەمبەرەوە** (ﷺ) کە ئەمە گەورەترین درۆیە، وە خاوەنەکەی شایستەی

توندترین سزای دوا ڕۆژە، وهەندێ لە زانایان بە کافری دادەنێن! وەکو پێغەمبەر فەرموویەتی (ﷺ) : (مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا ، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، واتە: هەر کەسێك بەئەنقەست درۆ بکات بە دەمی منەوە، ئەوا با جێگایەك بۆ خۆی دابنێ لە جەهەننەم!!

## ٢-درۆ لە کڕین و فرۆشتندا :ـ

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:سێ کۆمەڵ هەن خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایدا قسەیان لەگەڵ ناکات و سەیریان ناکات و پاکیشیان ناکاتەوەو سزایەکی بە ئازاریشیان بۆ هەیە، ئەبو ذر فەرمووی: زەرەرمەندن ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی: ئەوەی شەرواڵی درێژەو ئەوەش کە منەت دەکات بەسەر خەڵکەوە، وە ئەو کەسەش کە بۆ فرۆشتنی کەل و پەلەکەی سوێند بە درۆ دەخوات! رواه مسلم

## ٣- گێڕانەوەی خەون بە درۆ :ـ

ئەو کەسەی کە خەون دەبینێ بەڵام بەیانی خەونەکەی دەگێڕێتەوە بە شێوەیەك درۆی لەگەڵ دەکات و بەو شێوەیە نەبووە کە بینیویەتی ئەمەش تاوانێکی گەورەیە.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ,عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: (... وَمَنْ تَحَلَّمَ كَاذِبًا ، دُفِعَ إِلَيْهِ شَعِيرَةٌ وَعُذِّبَ حَتَّى يَعْقِدَ بَيْنَ طَرَفَيْهَا ، وَلَيْسَ بِعَاقِدٍ)

## ٤- ئەوەی بیستت بیگێڕیەوە :ـ

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (كَفَى بالمرْءِ كَذِباً أنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ ما سَمِعَ). رواه (مسلم في مقدمة صحيحه)، واتە: ئەوەندە بەسە بۆ کەسێك کە پێی بگوترێت: درۆزن، ئەوەی بیستی بیگێڕێتەوە!

## ٥- درۆکردن لەگەڵ منداڵ :ـ

بۆ ئەوەی فێڵ لە منداڵ بکەی و بە دوات نەکەوێ، یان پێی بڵێی: وەرە ئەو شتەت دەدەمێ، یان بۆت دەکڕم، ئەگەر ئەوەی پێی دەڵێی: بۆی نەکەی، ئەوا بە درۆ لە قەڵەم دەدرێت! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (مَنْ قَالَ لِصَبِيٍّ تَعَالَ هَاكَ ، ثُمَّ لَمْ يُعْطِهِ شَيْئًا ، فَهِيَ كِذْبَةٌ) السلسلة الصحيحة :٢/٣٨٤.

## ٦- درۆ بۆ پێکەنین :ـ

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ :(وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ بِالْحَدِيثِ ، لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ ، فَيَكْذِبُ ، وَيْلٌ لَهُ ، وَيْلٌ لَهُ)، حسّنه الألباني في صحيح سنن الترمذي: ٢/٢٦٨ .

## ئەو شوێنانەی کە جائیزە درۆی تێدا بکرێت :ـ

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ : (لا يَحِلُّ الْكَذِبُ إِلا فِي ثَلاثٍ : يُحَدِّثُ الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ لِيُرْضِيَهَا ، وَالْكَذِبُ فِي الْحَرْبِ ، وَالْكَذِبُ لِيُصْلِحَ بَيْنَ النَّاسِ) . رواه الترمذي. تحقيق الألباني : صحيح دون قوله : " ليرضيها " ، الصحيحة: ( ٥٤٥ ).

واتە: دروست نیە درۆ تەنها لە سێ حاڵەتدا نەبێ :

- لە نێوان ژن و مێردا بە مەبەستی زیاتر پتەوکردنی خۆشەویستی و لێك نەترازانی خێزان و ڕازیکردنی.
- وە لەکاتی جەنگدا.
- وە بۆ ئاشتەوایی نێوان موسڵمانان کە ناخۆشیان هەیە.

لە کۆتایدا بۆمان دەرکەوت کە دینی ئیسلام چۆن بایەخی داوە بە ڕاست گۆیی ودرۆی زۆر بە کارێکی خراپ داناوە، کەواتە: ئەو کەسانەی درۆ دەکەن و موسوڵمانان تاوانبار دەکەن! ئەوە لە کەمی لە خوا ترسانی خۆیان و کەمی ئیمانیانە" ئەگینا کەسی لە خوا ترس هەرگیز ناوێریت بیر لە درۆ بکاتەوە، چ جای ئەوەی کە بیکات.

م. محمد خضر ، دەرچووی عەرەبی، ز.کۆیە.

# ئاگاداربە دنیا نەتبات

ژیان یان بۆ مرۆڤە یا لە سەریەتی سات و کاتەکانی دەڕۆن هەروەها ڕۆژ و ساڵەکانی، ئەم کاتانەش یان دەیبات بۆ خۆشەویستی و لێخۆشبوون . بۆ ئەوەی سەرفرازبێت وببێتە ئەهلی بە هەشت ، یان کاتەکانی دەڕوات دەیبات بەرەو دۆزەخ وتوڕەبوونی خودای پەروەردگار بۆ هەر کەسێك کەخەمبارە خەمباری باری شانی قورس کردووە بۆ هەر چاوێك کە فرمێسك نوقمی کردووە بۆ هەر کەسێك کە دونیای لەبەر تەسك بوەتەوە هەرچەند دونیاشی دابێت بەسەر کوڵیا ، ژیان یان ساتێك ئەتخاتە پێکەنین و هەموو تەمەنت دەخاتە گریان یان ساتێك دەتگرێنێت و هەموو تەمەنت دەخاتە پێکەنین ، ژیان یان نیعمەتە بۆت یا نقمەت ، ئەم ژیانە کە باوك و باپیرانمانی تیا ژیاوە . هەروەها هەموو ئەوانەی پێش ئێمە تیایدا ژیاون گەڕانەوە بۆ لای ئەو کەسەی کە دروستی کردوون، واتا ژیان ئەوەیە کە هەر ساتێك یان کاتێك ئەی گوزەرێنیت و بەسەری ئەبەیت هەر کەسێك لە ئێمە لەم کاتەدا بە شێوەیەك ئەژێت کە ببێتە چاکە بۆی یان خراپە ، کەسی سەرکەوتوو و دڵخۆش ئەوەیە کە سەیری ئەم ژیانە دەکات و قەدری ئەزانێت و لێی تێدەگات و ، واللە ئەم ژیانە زۆر کەسی گریاندووە و فرمێسکی بۆ نەسڕاوە . زۆریشی خستە پێکەنین و بە خۆشی ژیاوە . ژیان خۆشەویستەکانم خوای گەورە کردوویەتی بە تاقیکردنەوە ، ڕاستی بەندەی تیا دەردەکەوێت . براوە ئەو کەسەیە ڕەزامەندی پەروەدگار بەدەست دەهێنێت وە دۆڕاو دوورخراو ئەوەیە لە ڕەحمی خوا دووربێ توڕەیی بەدەست بێنێت ، هەر ساتێك تۆ دەیبەیتە سەر یان خوا لێت ڕازی ئەبێت تیایا یان نا . یان دورت دەخاتەوە یان نزیکت دەکاتەوە لە خودا ( جل جلالە ) لەوانەیە کاتێکی کەم بەسەر بەریت لە خۆشەویستی خودا و یادکردنی هەموو تاونەکانت لە سەر نەمێنێت خوای گەورە لە هەموو گوناحەکانت خۆش بێت لەوانەشە لە ساتێکدا بژیت کە دوور بیتەوە لە ڕێگای خوا و لە یادی خوا بێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەموو تەمەنت لە ناخۆشی بەسەر بەریت داوا لەخودای گەورە دەکەین کە بمان پارێزێت و لێمان خۆشبێت . ئەم ژیانە دوو بانگ خوازی تیایە ...

بانگ خوازێك بۆلای خۆشەویستی و لێخۆشبوون و پەرستنی خوا . وە بانگ خوازەکەی تر بانگت دەکات بۆ ئارەزوو و پەرستی و خراپەکاری و توڕە بوونی خوا (جل جلالە ) مرۆڤ لەوانەیە لە ساتێك گەڕانەوەی بۆ لای خوا بگری و فرمێسکی پە شیمانی بڕێژێت بەو گریانەشی خوای گەورە خراپەکانی بگۆڕێت بە چاکە ، چەندەها کەس هەبوو خراپەکار و تاوانباربوون لە خوای خۆیان نامۆ و دوور بوون وە لە ڕەحم و سۆزی خوادوور بوون تا ئەو کاتەی کە گەڕانەوە بۆ لای خوا بۆ ژیانێکی خۆش (الحياة الطيبة ) بۆئەوەی یەکەم فرمێسکی پەشیمانی بڕێژێت . زام و ژانی دڵی بڕوێنێتەوە ، چونکە زۆر دەمێك بووە دوور و نامۆ بووە لە خوا ، بۆ ئەوەی بڵێت ئەوا من تەوبەم کردووە و گەڕامەوە بۆ لای خوا ملکەچم بۆ فەرمانەکانی خوا بە ئومێدم بۆ سۆز و لێخۆشبونی خوا ، هەروەکو زانایان فەرموویانە مرۆڤ لەوانەیە تاوانێکی زۆر بکات بەڵام ئەگەر ڕاستگۆ بێت لە گەڕانەوەو تەوبەکردنی خوای گورە تاوانەکانی بۆ دەگۆڕێت بە چاکە ، هەروەها ژیانێکی خۆشی پێی دەبەخشێت بە پێی باشی گەڕانەوەو تەوبەکەی، داوا دەکەم لە خوای گەورە خاوەن عەرشی گەورە کە دڵمان زیندووبکاتەوە بۆ کاری چاکە ورەزامەندی خۆی..........

**کاروان حمە باقی: دەرچووی عەرەبی**

## زمان و ڕۆڵی لە ژیانی تاك و كۆمەڵ!!

الحَمْدُ للهِ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ:. زمان یەكێكە لەو ئەندامە گرنگانەی لەشی مرۆڤ كە خوای گەورە پێی بەخشیوە، جا بێگومان زمان ئەركێكی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤـدا.

**زمان چەكێكی دوو سەرە:** أ. دەتوانی بەكاری بهێنی لە پەرستشی خوای گەورە، وەكو: (خوێندنی قورئان، فەرمان بە چاكەو قەدەغەكردنی خراپە، و سەرخستنی ستەم لێكراو كە واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك، وە سوپاس كردنی خوای پەروەردگار لەسەر نازو بەخششەكانی).

ب . دەتوانی بەكاری بهێنی لە پەرستنی شەیتان،وەكو: (ناكۆكی خستنە ناو كۆمەڵی موسڵمانان، و درۆ و شایەتی دان بە درۆ، و غەیبەت كردن و قسە هێنان و بردن،هتد..) (١)

بە پشتیوانی خوای پەروەردگار چەند فەرموودەیەك لەسەر ترسناكی زمان دەخەینە ڕوو...پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت:(إِنَّ أَكْثَرَ خَطَايَا ابْنِ آدَمَ فِي لِسَانِهِ) (رواه الطبراني ، وصححه العلامة الألباني في الصحيحة :٥٣٤) .واتە: زۆربەی تاوانەكانی نەوەی ئادەم لە زمانیەوەیەتی، وە لەفەرمودەیەكی تریشداﷺ دەفەرمووێت: (إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ لاَ يُلْقِى لَهَا بَالاً، يَرْفَعُهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَاتٍ، وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لاَ يُلْقِى لَهَا بَالاً يَهْوِى بِهَا فِى جَهَنَّمَ)،البخاري: ٦١١٣ .واتە:بەڕاستی بەندەی ئەو تۆ هەیە وشەیەك دەڵێت لە ڕەزامەندی خوا، ئاگاشی لێ نیە و بەهۆشیەوە خوا چەندەها پلە بەرزی دەكاتەوە، وە بێگومان بەندەی ئەو تۆش هەیە قسەیەك دەڵێت لە توڕەبوونی خوا و ئاگاشی لێ نیە بەهۆیەوە فڕێ دەدرێتە دۆزەخ!!

وە لە فەرمایشتێكی تریشدا تردا ﷺفەرموویەتی :(مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ)،متفق عليه. واتە:هەر كەسێك زمانی و ئەوەی كە لە نێوان قاچەكانیدایە بپارێزێت، ئەوا گرەنتی بەهەشتی بۆ دەكەم. وە پرسیار كرا لە پێغەمبەری خواﷺ سەبارەت بەوەی كە زۆرترینی خەڵكی پێ دەچێتە ئاگرەوە فەرمووی : « الفَمُ وَالفَرْجُ »حسنه الألباني. واتە:(دەم و داوێن)،وە لە ئیبن مەسعودیشەوەرضي الله عنه دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی:(يَا لِسَانُ، قُلْ خَيْرًا تَغْنَمْ، وَاسْكُتْ عَنْ شَرٍّ تَسْلَمْ، مِنْ قَبْلِ أَنْ تَنْدَمَ)،صحيح الترغيب والترهيب٢٨٧٢.

ئەی زمان خێر بڵێ پاشكەوتە بۆ تۆو پاداشت وەردەگریت، وە بێ دەنگ بە لەشەڕ سەلامەت دەبیت پێش ئەوەی پەشیمان بیتەوە.

كەواتە:. برایانی بەڕێزم زانیمان زمان چ ترسناكیەكی هەیە لەسەر دوا ڕۆژی مرۆڤ، جا پێویستە ئاگامان لە زمانمان بێت و بزانین چی دەڵێین.

وعن شَكَل بن حميد قال: أتيت النبي ﷺفقلت: يا رسول الله! علمني تعوّذاً أتعوذ به، قال: فأخذ بكفي فقال: قل: اللهم إني أعوذ بك من شر سمعي، ومن شر بصري، ومن شر لساني، ومن شر قلبي، ومن شر مني)،رواه أبو داود والترمذي وهو في صحيح الترمذي للألباني رقم: ٢٧٧٥. واتە: لە شەكەلەی كوڕی حەمیدەوە دەڵێت: هاتمە لای پێغەمبەری خواﷺو گووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺپەنا گرتنێكم فێر بكە پەنای پێ بگرم، فەرمووی: دەستی گرتم و فەرمووی:بڵێ: پەروەردگارا پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی بیستنم، ولە خراپەی چاوم، و لەشەڕی زمانم، و لە شەڕی دڵم، وە لە هەر شەڕێكیش كە لە منەوە بێت.

**سۆران عثمان رسول، دەرچووی ئامار، ز.صلاح الدین.**

(١) آفات اللسان في ضوء الكتاب والسنة، سعيد بن علي بن وهف القحطاني.

## چەن دێڕێك بۆ خوشكان

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم چەند دێڕە دەنێرم بۆ هەموو خوشکەکانم، بۆ ئەو خوشکانەم کە هەست بە بێزاری و بیٰ هیوایی دەکەن و وادەزانن دەرگاکان بەرویاندا داخراون، چەند وشەیەکە بۆ ئەوانەی دڵتەنگن و دەناڵێنن بە دەست ستەمی جۆرا و جۆرەوە.

خوشکی بەڕێزم: لە وشەکانم وردبەرەوە و هەوڵبدە بیر بکەیتەوە لە پاداشتی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەلایەن خوای گەورە ڕووبەڕووت ئەبێتەوە تا ئارام بگریت، ئەو کات ئارامگرتنەکەت لەبەر خوای گەورە ئەبێت، ئازیزەکەم تکایە بە ئازایی پێشوازی لە ناخۆشیەکان بکە، ئارام بگرە ، چونکە پەروەردگارمان فەرموویەتی: (وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ) "البقره ايه ٢٤٩" وە هەروەها لە سورە ال عمران ایه ١٤٦ فەرمویەتی (وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ) هەرچەند دەردەسەری ونەهامەتی ڕووی تێکردی و ڕێگاکەت تاریك بوو هەر ئارام بگرە و دڵنیابە کە لەگەڵ هەموو ناخۆشییەك خۆشییەك دێت، (ان مع العسر يسرا) "الشرح اية ٦ "

خوشکەکەم، زۆر ئاساییە ئەگەر دووچاری ناخۆشی و ستەمی دەور و بەرت بوویتەوە ، چونکە ئێمە لە سەردەمێك ئەژین ئەوەی دەست بە قورئان و سوننەتەوە بگرێت غەریبە و توشی چەندەها ناخۆشی ئەبێت کە هەموویان تاقیکردنەوەی پەروەردگارن، تۆش کە ئێستا خۆت داپۆشیوە بەو شێوەیەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردویت و هەمیشە عاباکەت و دەستکێش و نقابەکەت لەبەرکردوە و هەرگیز لە سنوری شەرع ناچیتە دەرەوە دڵ تەنگ مەبە لەبەر ئەوەی قسەت پێئەڵێن و وەك جاران نازت هەڵناگرن و گوێت بۆ ناگرن، لەبەرئەوە تەنها تۆ وانیت دڵنیابە زۆربەی ئەو خوشکانەی وەك تۆ الحمدلله ڕێگای ڕاستیان دۆزیوەتەوە وەك تۆ وان و بگرە لەوانەیە لە تۆ زۆر زۆر خراپتر بن، هەمیشە سوپاسی خوای گەورە بکە لەسەر ئەوەی کە تۆی تاقیکردۆتەوە بشزانە ئەوە قەدەری خوای گەورەیەو هەرچی بوێت ئەنجامی دەدات، ( مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ) "الحديد ايه٢٢" واتە (هیچ دەرد و بەڵا و موصیبەتێك ڕوو نادات نە لە زەوی و نە لە خودی خوتان ئیلا بەرلەوەی کە ئەوە ڕوبدات لە کتێبێکدا نوسراوە و بڕیار دراوە کە لوح (المحفوظ)ە کە ئەمەش کارێکی ئاسانە بۆ خوا)، هەرگیز مەترسە لەو کەسانەی زۆرت لێدەکەن و قسەت پیٰ ئەڵێن.... چونکە دڵنیابە تەنها ئەوە ڕوو ئەدات کە خوای گەورە ویستی لەسەرە زانایانی اهلی سوننە

**بێگومان خوای گەورە ئەگەر خەڵکانێکی خۆشبوێت تاقیان دەکاتەوە، جا ئەو کەسە ئەگەر ڕازی بێت بەو تاقیکردنەوەی خوای گەورە ئەوا ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەست دەهێنێت، وە هەر کەسێکیش توڕەبێت و پێی رازی نەبێت ئەوا تورەی خوای گەورەی لەسەر ئەبێت**

فەرموویانە ( ما شاء الله كان و ما لم يشأ لم يكن) واتە خوای گەورە ویستی لە هەر کارێك بێت دەبێ و ویستیشی لە هەر کارێك نەبێت نابێت. ئەوەش بزانە کە خوای گەورە تۆی خۆش ئەوێت بۆیە تاقیتدەکاتەوە ، ئەگەر صبر بگریت و بەردەوام بیت ئەوە پاداشتی گەورە چاوەڕوانتە ، ئەوەتا خۆشەویستمان پێغەمبەر(ﷺ)فەرموویەتی (ان الله إذا أحب قوما ابتلاهم، فمن رضي فله رضا و من سخط فعليه السخط) أخرجه الترمذي في الزهد (٤\٦٠١) و ابن ماجه في الفتن (٤٠٣١) وصححه العلامة الألباني في الصحيحة :١٤٦)، واتە ( بێگومان خوای گەورە ئەگەر خەڵکانێکی خۆشبوێت تاقیان دەکاتەوە، جا ئەو کەسە ئەگەر ڕازی بێت بەو تاقیکردنەوەی خوای گەورە ئەوا ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەست دەهێنێت، وە هەر کەسێکیش توڕەبێت و پێی ڕازی نەبێت ئەوا توڕەی خوای گەورەی لەسەر ئەبێت).

خوشکە خوشەویستەکەم، با لە خۆشی و ناخۆشیدا دوعا و پاڕانەوەکانت تەنها بۆ بەر دەرگای پەروەردگارت بێت و جگە لەو خوایە لە کەسی تر نەپاڕێیتەوە ، چونکە ئەو کەسەی وا نەکات پەنا بەخوا خەسارۆمەندی دونیا و قیامەتە ، ئەوەتا خوای بەرز ئەفەرموێت (وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَي حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَي وَضهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ) "الحج ايه ١١" واتە (هەندێك لە خەڵکی هەیە تەنها لە یەك حاڵەتدا خواپەرستی دەکات (ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە دنیا بەدڵی ئەو بێت)، ئەگەر تووشی خێرو خۆشی بوو دڵی پێی خۆشە، خۆ ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەك هات، ئەوە هەڵدەگەڕێتەوە، ئا بەو حاڵەتەی دنیا و قیامەت لە دەست خۆی دەدات و زەرەرمەندی هەردوو لایە و هەر ئەوەشە خەسارەتمەند و زەرەرمەندی ڕوون و ئاشکرا). لەبەرئەوە تەنها خوای پەروەدگارە لە هەموو کاتەکاندا ئاگای لێتە و هەر ئەویشە وەڵامی دوعا و پاڕانەوەکانت ئەداتەوە هەروەك خۆی ئەفەرمویت (أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ) "النمل ايه٦٢" واتە (کێیە ئەوەی کە دوعای داماوان قبوڵ ئەکات کاتی لێی بپاڕێتەوە، وە شتی خراپە و ناخوش لەسەر مرۆڤەکان لا ئەدا؟) خوشکە باشەکەم هەمیشە دوعا بکە بە تایبەت ئەو کاتەنەی کە بەتەنیایت، لەو کاتەی کە خەڵکی لەدەریای خەوتندا نقوم بوون، لە تاریکای شەودا دانیشە و بگری و بیر بکەرەوە و لەگەل خۆت قسە بکە و بڵێ من بۆچی دروستکراوم؟ بۆ ئەوەی تەنها خەم و خەفەت بخوم؟ یان بۆ ئەوەی تەنها ڕابوێرم و بێئاگا بم؟ نا تۆ بۆ هیچ کام لەمانە خەلق نەکراویت (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) "الزاريات ايه ٥٦"، ئەوە بزانە خوای گەورە هەرگیز بە تەنها جێت ناهێڵێت و دڵنیابە کە وەڵامی دوعا و پاڕانەوەکانت زوو بێت یان درەنگ، ئێستا بێت یان بەیانی یان ساڵێکی تر هەر دەدرێتەوە و تەنها و تەنها پشت بەو ببەستە لەکاتی دڵتەنگبوون و گیروگرفت و ناهەمواری بارودۆخەکان .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما مزيدا.

**ڕێناس محمد: ز.سلێمانی، ز. ئینگلیزی**

# زۆر جار پرسیار دەکرێ ئایا پیاو و ئافرەت وەکو یەکن؟!

الحمدلله والصَّلاة والسَّلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أمَّا بعد:.

**بەلای منەوە ئەوە پرسیارێکی زۆرجوانە بۆ ئەوەی بگەینە قەناعەت ، ئەوەی کە ئێستا بڵاو بووەو خەڵك لێی تێگەیشتووە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا سەرنجێکمان بۆی نەدابێ ئەوەیە کە ژن‌و پیاو لێکەوە نزیك بن، یاخود لەوانەیە یەکسان بن.**

**بەڵام بەلای من ئەوە فەهمێکی زۆر سەقەت‌و هەڵەیە، من بە هیچ شێوەیەك قەناعەتم بەمە نیە، لەبەرئەوەی نەك من وەکو موسڵمانێك کە خاوەن دیدو بۆچونێکی تایبەتم نەك لە ڕووی ئیسلام ، بەڵکو لەڕوی زانستی‌و پزیشکیش لێك جیاوازن‌و بەرجەستە نابێ، لەبەرئەوەی ئەو توانایەی کە خوای گەورە بە پیاوی داوە جیایە لەو توانایەی کە بە ئافرەتی داوە ئەمە شتێکی بەدیهییە" چونکە هەر کەسێکیان بۆ کاری خۆی دروست کراوە، بۆ نمونە: ئەگەر خوای گەورە ژن‌و پیاوی وەکو یەك دروست بکردبا مەبەست‌و هەدەف لە دروستکردنیان نە دەبوو، ئەگەر ژن وەك پیاو بوایە یان بە پێچەوانەوە ئەوا یەك ڕەگەز بەسبوو لەسەر زەوی، لەبەرئەوە کە خوای گەورە ئەو دوو ڕەگەزەی دروستکردوە دژی یەك نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. لەبەرئەوەی تەواوکەری یەکترین، دەبێ ئەمە کۆمەڵێك صیفاتی هەڵگرتبێ‌و ئەویش کۆمەڵێك صیفات، بۆ نمونە: ئەگەر باسی صیفاتی پیاو بکەین مانای ئەوە نیە ئافرەتیش صیفاتی نەبێ ، خوای گەورە دەفەرموویێت:** ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ ﴾النساء: ٣٤، **بۆیە خوای گەورە بە بێ حیکمەت ئەم ئایەتەی نە ناردۆتە خوارەوە، جا منیش بە پێویستم زانی بابەتێك بنوسم لەسەر ئەم ئایەتە لەڕووی زانستی پزیشکی، و هەروەها وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن: ئافرەت‌و پیاو وەك یەکن، گەر بێت‌و بیر بکەینەوە لە هەندێ لە کێشەکانی ئافرەت کە بەردەوام مێشکیان سەرقاڵە بە هەندێ نەخۆشی، بۆ نمونە: گەر بیر بکەینەوە کە تائێستا کەس بیستویەتی دکتۆرێك هەبێ بەناوی: (پیاوان ومناڵ بوون)بێگومان نەخێر، بەڵام دکتۆر هەیە بە ناوی: (ژنان‌و مناڵ بوون) گەر بێت‌و نیوەی دکتۆرەکانی وڵات تەرخان بکەی بۆ ئافرەت بەشیان ناکات، ئەوە شتێکی ڕاستەقینەیە کەسێك ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، پیاو هۆڕمۆنێکی هەیە بە کە ئەصڵی کرۆمۆسۆمەکەی کرۆمۆسۆمی(Y) کاریگەری لێ دەکات، کەربەتی بۆ دروست دەکات، کە ئەڕژێت پێی دەوترێت: هۆڕمۆنی:(Androgen) ئەم هۆڕمۆنە هۆڕمۆنی هێزە، کاریگەری ئەم هۆڕمۆنە چیە؟ کەوا لە پیاو دەکات خاوەنی هێزێکی عەزەڵی‌و ئێسکی**

**جائیزەی نۆبڵ کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دانرا تائێستا ئەو ئافرەتانەی جائیزەی نۆبڵیان وەرگرتووە لە بواری (کیمیا ، طب، فیزیا، معلومات) دا لە (٥,١٪) بەڵام لە (٩٤,٩٪) پیاوان وەریان گرتووە،**

زیاتر بێت، ئەم هۆڕمۆنە هۆڕمۆنێکی نامۆیە، لەبەرئەوەی دەبینین هەندێ جار دەرمانی لێ دروست دەکەن دەی دەن بە وەرزشوانەکان ئەم هۆڕمۆنە قەدەغە کراوە لە ئافرەت" چونکە دەبێتە هۆی نەزۆکی، ئەم هۆڕمۆنە لە پیاواندا (١٠) قاتی ئافرەتە،ئیشی گەشەکردنی مێشکیشە، هەر لەبەر ئەوەیە مێشکی پیاو (١٥٠غم) لە مێشکی ئافرەت زیاترەو بەهێزترە(١٠٪-٢٠٪)، و پیاو (٨) جار زیاتر توشی خەڵەفان دەبێ،بەڵام ئافرەت (٨) جار زیاتر توشی لاوازی ئێسك دەبێت.بەڵام هۆڕمۆنی ژنیەتی گەشەی ئێسك ئەوەستێنێ، لەبەرئەوە ئەم هۆڕمۆنە لە پیاودا (١٠)قاتی ئافرەتە ئەویش هۆڕمۆنی زەوقە، ئەم هۆڕمۆنە وای کردووە کە پیاو (١٠) جار تاقەتی جنسی زیاتر بێت لە ئافرەت،لێرەدا خوای گەورە ڕەحمی بە ئافرەت کردووە بۆیە تەنها بۆ پێغەمبەرمان(ﷺ) ڕێگەدراوە کە زیاتر لە (١٠) ژن بهێنێ ئەمەش ئیعجازێکی ترە، ئێستا جیهازێك هەیەو دۆرزراوەتەوە(PET) یان:(MRI) چالاکیەکانی مێشکی پیاوو ئافرەت جیان،و بیرکردنەوەیان جیایە، خەیاڵیان جیایە، ڕەفتاریان جیایە، زاکیرەیان جیایە،زاکیرەی پیاو زیاترە لە زاکیرەی ئافرەت، جارێك بیرم لە شتێك دەکردەوە ئەویش ئەوەیە کاتێك هێلکەی ئافرەت لە هێلکەدان دێتە دەرەوە بۆ بۆڕی هێلکە دەبینین دەبێت بە (٤) هێلکە، بەڵام (٣) هێلکەیان دەپوکێتەوەو نامێنێ تەنها یەکێکیان نەبێ کە دەمێنێ بەڵام سپێرمی پیاو ١ سپێرمە دابەش دەبێت بۆ (٤) سپێرم هەریەکێکیان دەتوانێت هێلکەیەك بپیتێنێ، کە ئەوانەی لە بەشی زانستی خوێندبێتیان دەزانن ئەوەی منی سەرسام کردووە لە زیندەوەرزانیدا هەیە،ئەوەیە

کەپیاو دەتوانی (٤) ژن بهێنێ ئەم شتەی سەرەوە بەڵگەیە لەسەر ئەمە، ئەوەیە کە خوای گەورە مۆڵەتی بە پیاو داوە (٤) ژن بهێنێ، بەڵام بیرت نەچێت برای بەڕێزم کە سپێرمەکانی پیاو بە یەکسانی دابەش دەبن بۆیە تۆش پێویستت بە یەکسانیە لە نێوانیاندا، گەر واز لە زانستی پزیشکیش بهێنین باس لە هەندێ شتی سادەی تر بکەین بۆ نمونە: جائیزەی نۆبڵ کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دانرا تائێستا ئەو ئافرەتانەی جائیزەی نۆبڵیان وەرگرتووە لە بواری (کیمیا ، طب، فیزیا، معلومات) دا لە (٥,١٪) بەڵام لە (٩٤,٩٪) پیاوان وەریان گرتووە، کە ئەم جائیزەی نۆبڵە لە سویدەوە دەرچووە (Noble Prate) پەیوەندی بە ئێمەوە نیەو وڵاتێکی ئەوروپییە! کەواتە:ئیسلام زوڵمی لی نەکردون کە داومانە بە پیاو، نەمان داوە بە ئافرەت! بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم:( ئافرەت گەوهەرێکی بە نرخە لە ئیسلام دا بۆیە باشە لە نرخی خۆی کەم نەکات بۆ هەندێ شتی دونیایی بچوك و کەم، ئافرەت لە ئیسلامدا باخێکی میوەی پەرژین کراوە، بەرەکەی تەنها بۆ خاوەنەکەیەتی بۆیە تەنها خاوەنەکەی بەهای دەزانێ و ڕێزی دەگرێ و خزمەتی دەکات، بەڵام لە ڕۆژئاوا باخێکی سەرە ڕێیە بێ خزمەت و بێ جێیەو بێ پەرژینە، هەر ئەوەندە بایەخ بە ئافرەت دەدرێت تا خۆی ون دەکات ، گەر خۆشی ون کرد خۆی نادۆزێتەوەو ناچارە پەنا بۆ خۆ لەناو بردن دەبات، بۆیە ئێستا ساڵان (٢) ملیۆن منداڵی کچ لە ناوسکی ئافرەت لەناو دەبرێ کە زۆربەی زۆری لە ڕۆژ ئاوایە(ئەمریکاو ئەوروپا) بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ۝٨ بِأَىِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ

﴿٩﴾ التكوير.واتە: وە ساتێك كە هەموو گیانێك جووت کرایەوە لەگەڵ لاشەدا، وە کاتێك پرسیار کرا لە کچانی زیندە بەچاڵ کە بە چ گوناهێك کوژران. گەر بیر لەم هەموو شتانە بکەینەوە ئافرەتو پیاو لێك جیان، بەڵام زۆربەیان بیر لەم شتانە ناکەنەوەو ئەم شتانە نازانن" بۆیە بەردەوام نەزانەکان هەوڵ دەدەنو دەڵێن: دەبێت وەك پیاو بن،جا لە کۆتاییدا دەڵێم خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنثَىٰ ﴾آل عمران: ٣٦.

**سەربەست عومەر حەمەد، ی. پزیشکی.**

## کێ دایکم دەکڕێت؟!

زاوا کە لەشەوی زەماوەندەکەیدا بو، کردی بەمایکەکە و وتی: کێ دایکم دەکڕێت؟ سێ جار دوبارەی کردەوە.

وردەکاری ودرێژەی ئەم بابەتەش بریتی بو لەوەی: لەشەوی زەماوەندەکەیدا بو، بەڵکو شەوی گواستنەوە، لەتەنیشتی بوکەوە دانیشتبو لەسەر مەنەصەکە، بوکێ چپانی بە گوێی زاوادا کە دایکت لەمەنەصەکە ببەرە خوارەوە چونکە حەزی لێناکەم.

زاواش دەستبەجێ ، وبێ ڕاوەستان کردی بەمایکرۆفۆنەکەدا ووتی: کێ دایکم دەکڕێ؟ ئەوە بو هەمو شۆك بون لە هەڵسوکەوتەکەی!!؟ بەڵکو سێجار دووبارەی کردەوە، هەمو بێدەنگن بەڵکو سەرسام بون لەو ڕەفتارە، بێدەنگی وسەرسامی پێکەوە ئەو نێوەندەی داپۆشیبو.

پاشان کردی بەو ئەڵقەیەی لەدەستیدابو وفڕێیدا و وتی: من دایکم دەسێنم!!

پاشان ڕوی کردە بوکەکە و بەڕاشکاوی تەڵاقیدا و وتی: من دایکم دەکڕم ودەستی دایکی گرت ولەگەڵ خۆیدا بردی وهۆڵەکەیان پێکەوە بەجێ هێشت.

چیرۆکەکەماویەتی..

دوای بڵاوبونەوەی ئەم دەنگوباسە لەناوچەکەی خۆیاندا، پیاوێك هات بۆلای و وتی: واللە هەرگیز کوڕی لەتۆ باشترم بۆ کچەکەم دەستناکەوێت!! ئەوە بوکچەکەی لێ مارە کرد وبێ ئەوەی هیچ مارەییەکیشی لێ وەربگرێت وداوای هیچ تەکلیفێکی لێبکات.

بەڵێ: دایکت، پاشان دایکت پاشان دایکت.

لەهەندێك لەسەلەفی صالحمانەوە هاتو بەسەر سەربانەکەی خۆیاندا تێنەپەڕیوە، کەپرسیاریان لێکردوە، وتویەتی: چۆن بەسەر سەربانێکدا دەڕۆم دایکم لەژێرەوەی بێت.

بەڵکو هەیانبو ئەوەندە بەلەسەرخۆیی لەگەڵ دایکیدا قسەی کردەوە، دایکی لێی تێنەگەیشتوە تا چەند جار دوبارەی کردۆتەوە . بۆ ئەوەی دەنگی بەسەردا بەرزنەبێتەوە.

بەڵکو ئەوەندە خێرێکی گەورەیە لەلای خوا، ترست نەبێت ئەگەر توشی تەنگانەیەك هاتیت تەوەسول بکە لە خوای میهرەبان بەچاکەیەك کەلەگەڵ دایکت کردوتە، ها چیرۆکی سێ کەسەکەت نەبیستوە کە لەبەر باران ڕۆیشتونەتە نێو ئەشکەوتێکەوە، بەڵام بەردێکی گەورە کەوتۆتە بەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە، یەکێکیان ئەڵێ: خوایە ئەگەر چاکم لەگەڵ دایکم و باوکم وچاکەیەکەم لەبەر تۆ بوە خوایە لەم تەنگانەیە دەرمان بکەیت! ئەوە ئەبێت بەشێکی دەرگاکە دەکرێتەوە. تا ژمارەی داهاتوی زانستەکەتانماڵتان ئاوا و ئاسودە و کامەران بن والسلام علیکم.

**علی خان: دەرچووی کۆمەڵایەتی**

# ڕێگە شێوازی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە گوفتاردا

موعازی کوڕی جەبەل بە پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم ) وت : ئایا لەوەی دەیڵێین لێمان دەگیرێت ،فەرمووی : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دای بەسەر ڕانی موعازدا و فەرمووی: ئەی موعاز لەبار دایک بچووبایت ، ئایا هیچ شتێك هەیە كە خەڵكی بەسەر لووتدا بخاتە دۆزەخەوە وەكو زمان ،ئەوەی ئیمانی بەخوا و ڕۆژی دوای هەیە با شتی چاك بڵێت یاخود بێدەنگ بێت لە وتنی خراپە ،" شتی چاك بڵێن پاداشتتان دەستدەكەوێت وە لە خراپەش بێدەنگ بن سەلامەت دەبن" (الصحيحة ٤١٣ .)

بەم ئەندامە بچووكە مرۆڤ هەستی خۆی پێ دەردەبڕێت ، پێویستی و داواكاری پیشان دەدات ، وە بەرگری لەخۆی پێ دەكات ، ناخی شاراوەی خۆی پێ دەردەبڕێت ... قسەی پێ دەكات لەگەڵ هاو مەجلیسەكانی ، هاوغەمی بۆ برادەرەكانی دەردەبڕێت، هەر زمانە كە شكست هێنان و سەركەوتن بەرزبونەوە و سووك و نزم بوون دیاریدەكات، قال صلى الله عليه وسلم : " من يضمن لي ما بين لحييه وما بين فخذيه أضمن له الجنة ".( أخرجه البخاري) پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) "هەر كەسێك گەرەنتی زمان و داوێنیم بۆ بكات ئەوا گەرەنتی بەهەشتی بۆ دەكەم"

شاعیر دەڵێت :

وریای زمانت بە ئەی مرۆڤ پێتەوە نەدات چونكە مارە
بەخوا مردن هەڵەیەكی زمانە هۆی لەناوچونە و هەمووی دۆڕانە

چەندێك لە ڕۆژووان خێری ڕۆژوەكەیان كەم كردوەتەوە بەهۆی خراپی زمان و خراپ دەربڕینەوە ، مەبەست لە ڕۆژوو تینوویەتی و برسیەتی نیە ، بەڵكو پەروەردە و فێركردنە، لە زماندا زیاتر لە دە هەڵە هەیە ئەگەر وریای نەبین، لە عەیبەكانی زمان وەك : درۆكردن، غەیبەت، قسە هێنان و بردن، جنێودان ،شایەتی درۆ، لەعنەتكردن، گاڵتەكردن و سووكایەتی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموویێت : موسوڵمان ئەو كەسەیە كە موسوڵمانان سەلامەت بن لە دەستی و زمانی" (صحيح الجامع الصغير ٦٧٠٩ وهو صحيح)

پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویێت " إن العبد ليتكلم بالكلمة من رضوان الله لايلقي لها بالا يرفعه الله بها درجات وإن العبد ليتكلم بالكلمة من سخط الله لايلقي لها بالا يهوي بها في جهنم " (رواه البخاري)، واتە : جاری وا هەیە كەسێك قسەیەك لە ڕەزامەندی خوا دا دەكات كە گوێ ی ناداتێ ، بەو قسەیە خوای گەورە پلەی بەرز دەكاتەوە، وە جاری واش هەیە كەسێك قسەیەك دەكات لە تووڕەیی خوا دا وە گوێ ی پێنادات . ئەو قسەیە دەیباتە ناو جەهەننەمەوە–پەنا بەخوا–.

كەواتە سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە گوفتاردا چۆنە؟

**سوونەتی پێغەمبەری خوا لە گوفتاردا :**

یەكەم: پێغەمبەری خوا نەهی كردووە لە بێدەنگ بوون تاكو شەو، لە عەلی كوڕی ئەبوتالیبەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) لەبەرم كردووە كە ئەفەرموویێت: " لا يتم بعد احتلام ولاصمات يوم إلى الليل " (أبو داوود بإسناد حسن) ، واتە : نابێت بێدەنگ بیت بەدرێژای ڕۆژ تاكو شەو.

دووەم: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) هەمیشە درێژە بێدەنگ بوو ،لە جابری كوڕی سەمرە

(ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) درێژ بێدەنگ و کەم پێکەنین بوو (أحمد وحسنه الألباني)، باشە یەکەم لەگەڵ دووەمدا چۆن بگونجێنین؟ وەڵام / پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زۆر بێدەنگ دەبوو و وە لەکاتی پێویستدا قسەی دەکرد.

سێیەم: سیفەتەکانی لە قسەکردندا :

یەکەمیان: وشەی پڕمانای پێدراوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت " بعثت بجوامع الكلم ونصرت بالرعب" (رواه الشيخان)،مەبەست لە وشەی پڕمانا ، الهروی دەڵێت : مەبەست پێی قورئانە، کە خوای گەورە مانای زۆری لە چەند وشەیەکی کەمدا کۆکردۆتەوە، وە وتەکانی پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) وشەی کەم و زۆرمانا بوو. (شرح مسلم ٥/٥)

دووەمیان:لە ئەنەسی کوڕمالیکەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سێ جار قسەکەی دووبارە دەکردەوە بۆ ئەوەی لێی تێبگەن .(رواه البخاري)

سێیەمیان:لە دایکی ئیماندارانەوە دایە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت ) دەفەرمووێت پیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) درێژەی بە قسە نەدەدا ، بەڵکو بە ووشەی دیار قسەی دەکرد ئەوەی لە مەجلیسەکەدا بووایە قسەکەی لەبەردەکرد (رواه الشيخان)، ئەنەس دەڵێت: قسەکانی پێغەمبەری خوا ئاشکرا بوون ڕستەی جیا جیا بوون ئەوەی گوێ ی لێبوایە لێی تێدەگەیشت (رواه أحمد وأبو داوود وحسنه الألباني)

چوارەمیان :پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوەندە قسەی دەکرد ئەگەر کەسێك بیویستایە ئەوا دەیژمارد ،-درێژە پێنەدانە لەقسە- دایکی ئیماندارانەوە دایە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت " كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يحدث حديثاً لو عدّه العاد لأحصاه كناية عن عدم كثرة الحديث" (رواه الشيخان وأبو داود)

شەشەمیان: لە جابری کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:خۆشەویسترینتان و نزیکترینتان لە لای من لەڕۆژی دوای ڕەوشت بەرزترینتانە، ڕقلێبوترینتان و دورترینتان لەمن لەڕۆژی دوای ئەو کەسانەن کە ئەم سیفاتانەیان تێدایە وەك : زۆر بڵێ ،دەم درێژی کردن بەسەر خەڵکیەوە ،خۆ بەزل زان و دەم بەرزی کردن. (رواه الترمذي وصححه الألباني)

پێغەمبەری خوا ئاگاداری کردووینەتەوە لە هەندێ شت لەگوفتاردا، وەك :هەواڵی بێ سەرچاوە ، پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت" كفى بالمرء كذباً أن يحدث بكل ما سمع " (رواه مسلم في مقدمة صحيحه) واتە : درۆکردن بەسە بۆ کەسێك کە هەرچی دەبیستێت دەیگێڕێتەوە، ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت : مرۆڤ قسەی ڕاست و درۆ دەبیستێت ئەگەر هەمووی بگێڕێتەوە ئەوا لە درۆکردن سەلامەت نابێت، بۆیە دەبێت مرۆڤ دڵنیا بێت لەڕاستی و دروستی هەواڵ ئەمجا بیگێڕێتەوە.

**حیدر عنان کریم پزیشکی دەرمانساز/ سلێمانی**

==========================

**مانای ( ابتسامك في وجه أخيك صدقة ) دەزانی؟؟**

بزەکانت بەڕووی براکانتدا بە چاکە و خێر و صەدەقە بۆت دەنوسرێت..... بەسمان نیە بۆ ئەوەی ڕومان خۆش بێت؟.

# خۆشەویستترینی کردارەکان بەلای خوداوە

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على حبيبنا ، أما بعد :

**ئازیزان ، هەندێ لەو کردارانەی کە خودا پێی خۆشە لە خزمەتاندا باسی دەکەین بەو ئومێدەی جێی سود و جێ بەجێ کردن بێت:**

١- **یەکتاپەرستیەکی پاك و تەواو** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحبّ الأديان إلى الله تعالى : الحنيفية السَمْحَة )) [ رواه أحمد وحسَّنه الألباني ] .

٢- **نوێژ کردن لەکاتی خۆیدا ، چاکە لەگەڵ دایك و باوکدا ، جیهاد و تێکۆشان لە پێناو خودادا:** لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحب الأعمال إلى الله : الصلاة لوقتها ، ثم بر الوالدين ، ثم الجهاد في سبيل الله )) [ متفق عليه]

٣- **باوەڕبوون بەخودا ، دواتر گەیاندنی سیلەی رەحم ، دواتر فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە:** لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحبّ الأعمال إلى الله : إيمان بالله ، ثم صِلَة الرَّحم ، ثم الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر )) [ رواه أبو يعلى وحسَّنه الألباني ] .

٤- **بەردەوامی لە کردارە چاکەکاندا** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قلّ )) [ متفق عليه ] .

٥- **یاد و زیکری پەروەردگار** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحب الأعمال إلى الله ، أن تموت ولسانك رطب من ذِكْر الله )) [ رواه الطبراني وحسَّنه الألباني ] .

٦- **مزگەوتەکات** : لقوله صلى الله عليه وسلم : (( أحبّ البلاد إلى الله مساجدها ؛ وأبغض البلاد إلى الله أسواقها )) [ رواه مسلم ] .

٧- **هەق وتن بەرامبەر دەسەلاتدارێکی زاڵم و ستەمکار:** لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحبّ الجهاد إلى الله كلمةُ الحق تقال لإمامٍ جائر )) [ رواه أحمد وحسَّنه الألباني ]

٨- **ڕاستگۆیی** : لقوله صلى الله عليه وسلم : (( أحبّ الحديث إليّ أصْدقه )) [ رواه البخاري ] .

٩- **نوێژ و ڕۆژوی سوننەت هاوشێوەی پێغەمبەر داود عليه السلام** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحبّ الصيام إلى الله صيام داود ، كان يصوم يوماً ويفطر يوماً ، وأحبّ الصلاة إلى الله صلاة داود ، كان ينام نصف الليل ، ويقوم ثلثه ، وينام سدسه )) [ متفق عليه ] .

١٠- **ئەو خواردنەی دەستی چەند کەسێك لەسەری کۆدەبێتەوە ( واتە چەند کەسێك لەسەر یەك دەفر کۆببنەوە ):** لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحبُّ الطعام إلى الله ما كثرت عليه الأيدي )) [ رواه ابن حبان وحسَّنه الألباني ] .

١١- **وتنی سبحان الله وبحمده** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحب الكلام إلى الله أن يقول العبد : سبحان الله وبحمده )) [ رواه مسلم ] .

١٢- **وتنی ( سبحان الله ، والحمد لله ، ولا إله إلا الله ، والله أكبر)** : لقوله صلى الله عليه وسلم : (( أحب الكلام إلى الله تعالى أربع : سبحان الله ، والحمد لله ، ولا إله إلا الله ، والله أكبر . لا يضرُّك بأيِّهن بدأت )) [ رواه مسلم ] .

١٣- **هەڵسوکەوت جوانی ( رەفتار جوانی )** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : (( أحب عباد الله إلى الله أحسنهم خُلُقاً)) [ رواه الطبراني وصحَّحه الألباني ] .

١٤-**ناونان بە (عبدالله وعبدالرحمن )** : لقول النبي صلى الله عليه وسلم : ((إن أحب الأسماء إلى الله عبدالله وعبدالرحمن)) [ رواه مسلم ] .

**وەرگێران: بلال جلال: دراساتی ئیسلامی**

# بۆچی فوکردن لە خواردن و خواردنەوە حەرامە؟!

الحَمْدُ للهِ ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ:- ڕۆژانە زۆرکەس لەکاتی خواردنو خواردنەوەی شتێکی گەرم فوو ئەکەن لە خواردن وخواردنەوەکەیان،کە . إنْ شَاءَ اللَّهُ . و بەپشتیوانی خوای گەورە زیانی ئەم کارە ڕوون دەکەینەوە لەڕووی شەرع و زانستیشەوە:.

**لەڕووی شەرعەوە:ـ**

ئەبو قەتادە . رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ . دەفەرمووێت: بەڕاستی پەیامبەری خوا . صەڵاتو سەلامی خوای لەسەر بێت .: ( نَهَى أَن يُتَنَفَّسَ فِي الإِنَاءِ)،رواه البخاري: (٥٦٣٠)، ومسلم: (٢٦٧).واتە: قەدەغەی کردوە هەناسە بکرێتە ناو دەفرەوە . لە کاتی خواردنو خواردنەوە .!

وَعَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ . رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ، قَالَ : ( نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُتَنَفَّسَ فِي الْإِنَاءِ أَوْ يُنْفَخَ فِيهِ). صحيح الجامع:(٦٨٢٠).

واتە:لە عبداللە ی کوڕی عەبباسەوە . رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا . فەرموویەتی:پەیامبەری خوا . صەڵاتو سەلامی خوای لەسەر بێت . قەدەغەی کردوە کە هەناسە بکرێتە ناو دەفری خواردنو خواردنەوە، یان فووی لێبکرێت.

**لەڕوانگەی زانستەوە:ـ**

ئێستا تاقیکردنەوەکان سەلماندویانە کە لە لەشی مرۆڤدا ڕێژەیەکی زۆر بەکتریا هەیەو ژمارەیان لەخانەکانی لەشی مرۆڤ زیاترە " بەڵام پەروەردگار بە فەزڵو ڕەحمەتی خۆی ڕێژەیەکی زۆری لەوان کردۆتە سوودبەخش بۆ لەشی ئێمە، دەبینین هەندێك لەم بەکتریایانە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی زیندەچالاکیەکان لە دەمی مرۆڤدا، ویەکێك لەم بەکتریایانە ناوی: Helicobacter pylori




کەناسراوەبە:H.pylori وناوەندی گونجاو بۆ ئەم بەکتریایە ناو دەمی مرۆڤە ، بەڵام لەکاتی هەناسەدان، یان فوکردنە ناو دەفری خواردن و خواردنەوە لەدەمی مرۆڤەوە دەردەچێت وەدەچێتە ناو خواردنو خواردنەوەکە ، پاشان بەهۆی ئەم خواردن وخواردنەوەیە دەگوێزرێتەوە بۆ سورێنچك: (Esophagus)،پاشان بۆگەدە:(Gastro)، وگەدە دەبێتە ناوەندێکی گونجاو بۆی،جا سەرەتا دەبێتە هۆی هەوکردنی گەدە ،پاشان دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو پەردەیەی دەوری ناوەوەی گەدەی داوە،دواتر دەبێتە هۆی برینداربوونی گەدە: (قرحة المعدة) ،دواتر ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێە هۆکارێك لە هۆکارەکانی توشبوون بەشێرپەنجەی گەدە. ئەمەش ئەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیامبەری خوا (ﷺ)، هەموو وشەکانی لەلایەن خودای پەروەردگارەوە بووە، وخوای گەورەش فەرموویەتی :﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم

**محمد ڕەسوڵ ئەحمەد ،سکوڵی پزیشکی ددان، ز.دهۆك.**

# ئایا دەزانی ڕەنج بەخەسار (موفلیس) کێیە لە قیامەتدا؟

بسم الله الرحمن الرحيم

ئایە تا ئێستا هەر یەکێك لە ئێمە بەخۆمان وتووە ئەبێت کێ بێت ڕەنج بەخەسار لە ڕۆژی قیامەت ؟ ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە تۆش یەکێك نیت لە ڕەنج بە خەساران ؟ ئایا وا ئەزانی ڕەنج بەخەسار و موفلیس تەنها بێباوەڕانن؟ بۆیە کە ئەتەوێت بزانیت ڕەنج بەخسار و موفلس کێیە ئەم چەند دێڕە بخوێنەوە تاوەك خۆت بپارێزیت لە ڕەنج بەخەساری و موفلیس نەبیت لە ڕۆژی قیامەت.

برای خۆشەویستم هاوڕێی ئازیزم ئێمە تائێستا وامانزانیوە کە زەرەمەندو ڕەنج بەخەسار تەنها بێباوەڕانن لە ڕۆژی دوای ، وا ئەزانین کە تەنها بێ باوەڕانن موفلیس ئەبن و ئەچنە دۆزەخەوە.

نا لێرەوە وا تێمەگە دورنیە پەنا بەخوا ئێمەش لە موفلیس و ڕەنج بەخەسارەکانی ڕۆژی دوابین خۆشمان هەست بەوە نەکەین دوور نیە ئێمە بە کردەوە خراپەکانمان ببینە ڕەنج بەخەسار و زەرەمەندی ڕۆژی دوایی با چیتر وا تێنەگەین تەنها کافران موفلیسن و زەرەمەندن، سەیرکەن سەروەرو پێشەوامان محمد (ﷺ)چۆن باسی ڕەنج بەخەسار و موفلیسەکان ئەکات:

(پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:ئایا دەزانن موفلیس کێیە؟ وتیان لەناو ئێمەدا ئەوانەن کە پارەو کەل وپەلیان نەبێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی موفلس لە ئوممەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە نوێژ ئەکەن و بەرۆژوو ئەبن و زەکات ئەدەن، بەڵام لە کاتێك جوێنی داوە بەو، تۆمەتی خستوەتە پاڵ ئەو، ماڵی ئەوی خواردووە، خوێنی ئەوی ڕێژاوە، لەوی داوە، جا لە چاکەکانی ئەم دەدرێت بەم و بەو ئەگەر چاکەی تەواو بوو پێش ئەوەی قەرز بداتەوە ئەوە تاوانەکانی ئەوان وەردەگرێ و فرێ دەدرێتە سەر ئەم و پاشان فرێدەدرێتە ناو دۆزەخ).

براکانم ئێستا ئەزانن موفلیس و ڕەنج بەخەسار کێیە لەڕۆژی قیامەتدا، زۆر بەداخەوە ئێستا لە ناو زۆرینەی گەنجاکانمان پەنا بەخوا هەر قسەیەك بکەن جوێنێك بەم و بەو ئەدەن و بوهتان بۆ ئەو ئەکەن بگرە زۆر لەمانەش خراپتر، ئەوە لە کاتێکدا نوێژ ئەکەن و ڕۆژوو ئەگرن، تکایە براکانم با چیتر ئەوەنە ئاسان نەبێت لامان جوێن بە برا و هاورێیانمان بدەین ئەوەتا بە هۆی جوێنەوە بەهۆی بووهتانەوە پەنا بەخوا لە موفلیسان ئەبین،بەسە ئیتر با شەیتان لەم ڕێگایەوە فێڵمان لێنەکات، تاکەی ئێمە لە خەوی خەفڵت دا بژین؟ برایانم ئەگەر کەسێك پرسیارتان لێبکات و بڵێ تۆ بۆچی نوێژ ئەکەیت؟ بۆچی ڕۆژوو ئەگریت؟ بۆچی خێر و چاکە ئەکەیت؟ بێگومان گشتان ئەڵێن بۆ ئەوەی بچینە بەهەشت و خوای گەورە لە خۆمان ڕازی بکەین، بەڵام ئایا هەر ئەوەنە بەسە بۆ چوونە بەهەشت؟ با کارێك نەکەیت بەرهەمی ئەركماندوو بونمان بدەین بەم و بەو،بەس با ئیتر بزانین چی ئەکەین و چی ئەڵێین، باچیتر تاوانەکانمان بەکەم نەزانین، لە کۆتایدا شاعیرێك دەڵێت:

واز بهێنە و خۆت دوور بگرە لە تاوانە بچوك و گەورەکان
ئەوەیە خۆپارێزی و تەقوای دڵەکان
با خۆپاراستنت وەك و کاری ڕێبوارێك بێت
کە چۆن خۆی ئەپارێزێت لە ئازاری دڕکەکان
نەکەی تاوانە بچوکەکان بەکەم دابنێیت
چونەکە لەبەردی بچوکن هەموو شاخ و کێوەکان

**ئامادەکردنی:ئادەم عوسمان/ پ.کۆمپیوتەری رانیە**

# به چاکه وەڵامی خراپه بدەرەوە

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده :

لەگەڵ زاڵبوونی مادده و بایەخ نەدان به لایەنی ڕووحی ، شەڕ و ناکۆکی و دووبەرەکیش لە نێوان مرۆڤەکاندا زیاد دەبێت ، و وای لێدێت کەسەکان نەك هەر هەڵەی یەکتر قبوڵ ناکەن بەڵکو به هەڵەیەکی گەورەتریش ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە ، و شەڕ و ئاژاوەی گەورە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، وەکو ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین کە لە جیهاندا ڕۆژانە سەدەها مرۆڤ دەبنە قوربانی .

قورئان وەکو کۆتا کتێبی ئاسمانی لە چەندین ئایەتدا گرنگی به چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە داوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ۚ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ (فصلت : ٣٤ ) .واتە : هەرگیز چاکەو خراپە یەکسان نین، بێگومان خوا یەکەمی خۆش دەوێ و، ڕقی لەدووەمە ، پاڵنێ بە خراپەوە بە جوانترین ئاکار، واتە: بە ئاکاری جوان و جوانتر وەڵامی خراپەکار بدەرەوە ، ئەوسا دەبینی ئەو کەسەی کە لەنێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتیەك هەیە ، وای لێدێ دەڵێی دۆستێکی نزیك و بەسۆزە .

کەواتە بۆ ئەوەی کێشەکانت گەورەتر نەبن و کەسانی تر نەبن بە دوژمنت هەوڵ بدە ئەگەر کەسێك خراپەیەکیشی بەرامبەر کردیت ، لێی ببوریت و چاکەی بەرامبەر بکەیت ، نموونەیەکی زۆر جوانیش لەسەر ئەم بابەتە بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرەیە – علیه السلام – کە پێغەمبەری خوا –ﷺ– بۆمان دەگێڕێتەوە کە گەلەکەی خوێناوییان کردووە ئەویش بە بێ هیچ کاردانەوەیەکی خراپ خوێنەکەی لابردووە و وتوویەتی " اللهم اغفر لقومي فإنهم لا يعلمون " واتە : خوایە لە گەلەکەم ببورە چونکە ئەوان نازانن ( رواه البخاري : ٣٤٧٧ ).ئەم پێغەمبەرە –ﷺ– جگە لەوەی لە گەلەکەی خۆشبوو لەو تاوانە گەورەیەی بەرامبەریان کرد ، داوای لێخۆشبوونیشی لە خوای گەورە بۆ کردن ، و عوزری ئەوەی بۆ هێنانەوە کە ئەوان نازانن بۆیە وای لێدەکەن .

با لە خۆمان بپرسین ئەگەر کەسێك تاوانێکی لەو شێوەیەمان بەرامبەر ئەنجام بدات کاردانەوەمان چی دەبێت؟

### سوودەکانی وەڵامدانەوەی خراپە بە چاکە

١ . پتەوبوونی برایەتی و خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و پاشانیش دروستبوونی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی تۆکمە و بەهێز .

٢ . دەبێتە هۆی حەوانەوەی دەروون و پاك بوونەوەی لە ڕق و کینە و ئیرەیی .

٣ . دەستکەوتنی پاداشتی گەورە و نەبڕاوە و پلەی بەرز لای خوای گەورە .

٤ . خۆشەویستت دەکات لای خوای گەورە ، و پاشانیش لای خەڵکی .

٥ . دۆست و خۆشەویستت زیاد دەکات و دوژمنت کەم دەبێتەوە .

بەپێچەوانەشەوە وەڵامدانەوەی خراپە بە خراپە یان بە خراپتر دەبێتە هۆی لاوازبوونی برایەتی و ناڕەحەتی دەروونی و لە دەستدانی پاداشت و پلەی بەرز لای خوای گەورە .

خوای گەورە دڵپاك و سنگ فراوان و لێبووردەمان بکات بەرامبەر بە یەکتر آمین .

والحمدلله رب العالمين

**إدريس محمود / دەرچووی یاسا**

# گرنگترین و لە پێشترین زانست

ئێمە دەزانین کە تەنها یەك پەروەردگار ئێمەی دروست کردوەو، تەنها ئەویش ڕزق و ڕۆزیمان دەدات و، قازانج و زەرەرو، خۆشی و ناخۆشی خەڵکی بەدەستەو، پەروەردگاری هەموو بوونەوەرە (ربُّ العالمين)ـە.

بەڵام پێویستە پێش هەموو شتێك بشزانین کە ئەو مەبەستە چییە کە پەروەردگارمان ئێمەی بۆ بەدی هێنانی دروست کردووە. وە کتاب و بەرنامە ئاسمانیەکانی لە پێناودا دابەزاندووەو، پێغەمبەرانی پێ ناردووە، وە هەروەها ژیان و مردن و، بەهەشت و دۆزەخیشی بۆ ئەو پێناوە داناوە ؟!.

چونکە هەر کەسێ نەزانێت بۆچی دروست کراوەو وژیانی پێ بەخشراوەو پێغەمبەرانی بۆ نێردراوە، وە هەدەف و حیکمەتی ئەم شتانەی پێشوو نەزانێت" ئەوە مرۆڤێکی وێڵ و سەرگەردان و گومڕاو زەرەرمەندە، پەنا بەخوا.

وە باشترین و ڕاست ترین سەرچاوەی زانستیش، کە لێیەوە ئەو مەبەست وهەدەف و حیکمەتە بزانین، بریتییە لە قورئانی پیرۆز.

لە ئایەتەکانی قورئاندا، بە چەندان شێوە دەردەکەوێت، کە مەبەست و هەدەف ئەوەیە: خوا بە تەنها بپەرسترێ، ئێمە لێرەدا تەنها نمونە بە یەك ئایەت دێنینەوە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت :

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات)

واتە: دروستم نەکردووە جنۆکەو مرۆڤ، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بەتەنها. بێ شەریك . بم پەرستن .

برا و خوشکی بەڕێزم : ئەگەر ئەتەوێت ئەو مەبەستەی کە خوای پەروەردگار بەندەکانی بە گشتی بۆ دروست کردووە بێنیتە دی و فەرمانی هەرەگەورەی کە ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاريات جێ بە جێ بکەیت ، ئەگەر ئەتەوێت خێرو بەرەکەتی دونیاو دواڕۆژت بەسەردا بڕێژرێت ، ئەگەر ئەتەوێت تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی و سزات لەسەر لابچێت و هێمن و ئارام بیت لە دونیاو دواڕۆژدا ، ئەگەر ئەتەوێت خوای پەروەردگار لە تاوانەکانت خۆش ببێت و بتخاتە بەهەشتەوەو لە ئاگری دۆزەخ بتپارێزێت ،ئەگەر ئەتەوێت خوای پەروەردگار ئیمان لەدڵتدا جوان و ڕازاوە بکات و بێباوەڕی و تاوان کردن لە دڵتدا قێزەون و ناشیرین بکات ، خوشك و برای بەڕێزم : بۆ بەدەست هێنانی ئەو هەموو کارە پیرۆزو پڕ لەبەرەکەتانە هەوڵ بدە موسوڵمانێکی تەنها خوا پەرست بەو خۆت بەدور بگرە لە هاوەڵ و شەریك بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ، موسوڵمانی خۆشەویست پێ دەچێت بەمێشکتدا بێت و بڵێیت ئەبێ موسوڵمانێك هەبێت دوو خوا یان زیاتر بپەرستێت ؟ نەخێر ، بەڵام هەموو جۆرەکانی عیبادەت و پەرستنەکانی وەکو پاڕانەوەو ترسان و پشت پێبەستن و ئومێد پێ بون و مل کەچ بون و داوای کۆمەك و یارمەتی کردن و لاچونی ناخۆشی و ناڕەحەتی و نەزر کردن و جگە لەمانەش کە ئەبێت هەموویان تەنها بۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدرێن ، بۆیە لە کاتێکدا لە غەیری خوا ئەپاڕێیتەوە یان نەزر کردن بۆ غەیری خوا ئەنجام ئەدەیت ، ئەو کارەت ئەبێتە پەرستن و عیبادەت کردنی ئەوەی کە جگە لە خوای پەروەردگار بۆت ئەنجامداوە ، خوشك و برای بەڕێزم عیبادەت تەنها بریتی نییە لە نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن و حەج کردن ، بەڵکو هەر کارێك خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردبوو کە ئەبێت تەنها بۆ خۆی ئەنجام بدرێت ، کردن و ئەنجام دانی بۆ خوا بە دڵسۆزی و لەسەر فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) نیشانەی ئیمان و گوێڕایەڵی یە بۆ خوای پەروەردگار ، لە هەمان کاتدا کردن و ئەنجام دانی بۆ غەیری خوای پەروەردگار (گەر پێغەمبەران (ﷺ) و پیاوچاکان و فریشتەکانیش بن ) نیشانەی هاوەڵ و شەریك بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار.

**ئا : جلیل إبراهیم / دەرچوی پەیمانگای ئیسلامی کوردستان**